ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەینوسێت

سیاسەتو شەرم

ڕەنگە لەیەکەمین سەرنجدا پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان سیاسەتو شەرمدا نەبینین. شەرم وەك دیاردەیەکی تاکە کەسیی خۆیدەردەخاتو سیاسەت وەك دیاردەیەکی گشتی، شەرم وەك دۆخێکی سایکۆلۆژی تەماشا بکرێتو سیاسەت وەك دۆخێکی کۆمەڵایەتی، شەرم وەك پەیوەندی ناوەکی ئینسان بەدەوروبەرەوە خۆی نیشان دەداتو سیاسەت وەك پەیوەندی دەرەکی ئینسان بەکۆمەڵگاو ململانێکانییەوە، بەڵام ئەم جیاکارییە سادانە ناراستن، لەنێوان سیاسەتو شەرمدا پەیوەندییەکی قوڵو هەمەلایەن هەیە، بەرادەیەك نەتوانین قسە لەسیاسەت بکەین بەبێ قسە کردن لەشەرم، بێگومان ئینسان بوونەوەرێك نییە بەشەرمەوە لەدایك ببێت، بەڵکو لەئامێزی سیاسەتو کولتوورو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێتە بوونەوەرێکی شەرمن یان بێ شەرم، شەرم دیاردەیەکی بایۆلۆژی نییە، شتێك نییە لەجینەکانی ئینساندا نووسرا بێت، لەباوكو دایکەوە بۆ منالان مابێتەوە، بەڵك و دیاردەیەکە ئەو کۆمەڵگاو کولتوورو هەلومەرجە تایبەتە دروستی دەکات کە ئینسان لەناویدا گەورە دەبێت منالڵ هەر لەمنالییەوە فێری ئەوە دەبێت کە نابێت هەندێك شت بکات، کە کردیشی تووشی شەرم ببێت، کە شەرمیشی کرد لەوە تێبگات کە کارێکی نەشیاوی کردووە.

ئەرکی سەرەکی شەرم کردن ڕێکخستنی دونیاو سنوور دانانە بۆ فەوزا، ئەگەر ئینسان شەرمی نەکرد ئەوکات ناتوانێت سنوورێك لەنێوان ئەوەی دەتوانێت بیکاتو ئەوەی نابێت بیکات، دروست بکات. شەرم دێت بۆ کێشانی سنوورێك لەنێوان شتە شیاوو شتە نەشیاوەکاندا بۆ نموونە گەر شەرم کردن نەبووایە دەشێت ئینسان لەکوێدا بیویستایە دابنیشێتو پیسایی بکات، لەکوێدا بخوازێت پاڵبکەوێتو بنوێتو خۆی ڕووت بکاتەوە، شەرم وادەکات ئینسان ئەم کارانەی بۆ نەکرێتو کۆمەڵێك سنوور دابنێت کەنەتوانێت بیانبەزێنێت. بەمانایەکی دی یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی شەرم بریتییە لەڕێکخستنو دانانو کێشانی سنوور بۆ ئەو ئارەزوو پاڵنەرانەی لەئینساندا هەن، لەهەمانکاتدا بریتییە لەڕێکخستنی ئەو جیهانەی ئینسان لەناویدا دەژی لەڕێگای جیاکردنەوەی کارە نەشیاوەکانەوە لەکارە شیاوەکان.

یەکێکی دی لەئەرکەکانی شەرم کردن بریتییە لەهێماکاری، ئینسان لەڕێگای شەرمەوە کۆمەڵێك هێما بۆ دەرووبەری خۆی دەنێرێتو دەخوازێت پەیامێك ئاشکرا بکات، بۆ نموونە کەسێك کە بەهەڵە خەریکی کردنەوەی دەرگای ماڵێکە کە ماڵی خۆی نییەو لەوکاتەدا خاوەن ماڵەکەی لێیپەیدا ببێت، ڕاستەوخۆ تێکدەچێتو ڕەنگی سوور دادەگەڕێت، ئەم تێکچوونە هێمایەکە کە بەهۆیەوە ئەو کەسە دەیەوێت بڵێت ببورە من دز نیمو بەهەڵە ئەم دەرگایە دەکەمەوە، شەرم لێرەدا ناردنی هێمایەکە بۆ ئەویدی بەمەبەستی نیشاندانی شوناسی ڕاستەقینەی خۆت، ئەرکێکی دیکەی شەرم کردن بریتییە لەهەست کردن بەپێویستی گۆڕینی هەڵسوکەوتو بۆچوونو جوڵانەوە، ئینسان کاتێك بەهۆی ئەنجام دانی کارێکەوە هەست بەشەرم کردن دەکات، ئەو کات هەوڵ ئەدات ئەو هەڵسوکەوتو جوڵانەوەیە بگۆڕێت کە بۆتە مایەی شەرم کردن.

بەکورتی شەرم چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ هەڵسوکەوتو جوڵانەوە دروست دەکات، ئاشکرای دەکات چی دەتوانرێت بکرێتو چی نابێت بکرێت، چۆن جیهانو دەوروبەر ڕێك بخرێتو بکێشرێت، چۆنو کەی گۆڕان لەهەڵسوکەوتو بڕیارداندا دروست ببێت بەم مانایانەی سەرەوە شەرم ڕۆڵێکی گرنگیش دەگێڕێت.

سیاسەت یەکێکە لەو چالاکییانەی بەهۆیەوە ئینسان جیهانی دەوروبەری ڕێك دەخات، سنووری شتە شیاوو نەشیاوەکان دەکێشێتو هێمای جیاجیا بۆ کۆمەڵگا دەنێرێت، سیاسەتێك نادۆزینەوە شەرم بەشێك نەبێت لەهەوڵی جیاکردنەوەی ئەو بۆ سنوورەکانی باشە لەخراپەو شیاو لەنەشیاو، بەم مانایە "سیاسەتی شەرمن" سیاسەتێکە ڕێزی ئەو سنوورە گرنگانە دەگرێت کە کۆمەڵگاو مێژووو کولتوری ئەو وڵاتە دەیانکێشێت، ئەو نەشیاوانە پیادە ناکات کە ویژدانی کۆمەڵایەتی قەدەغەی کردوون. "سیاسەتی بێشەرم"یش ئەو سیاسەتەیە کە لەدەرەوەی حەڵاڵو حەرامەکانی ویژدانی کۆمەڵایەتیدا کار دەکات. ئەگەر ئینسان بۆی نەبێت لەسەر جادە پیسایی بکات، یان لەکوێدا ویستی خۆی ڕووتبکاتەوە چونکە شەرمێکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی هەیە ئەم کارەی لێ قەدەغە دەکات. بەهەمان شێوە کاری سیاسیش ڕووبەڕووی کۆمەڵێك شەرمی سیاسییە کە بڕیاردانی سیاسی ناتوانێت بەسەریاندا باز بدات، چۆن شەرم لای تاکە کەس سنوورێك بۆ ئارەزوو ویستو داخوازییەکانی دادەنێتو ئینسان ڕووبەڕووی هەندێك حەڵاڵو حەرامی سایکۆلۆژیو کولتووری دەکاتەوە، ئاوا لەسیاسەتیشدا شەرم سنوورێك بۆ ئەو بڕیارو هەڵسوکەوتە سیاسیانە دادەنێت کە ویژدانی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە قبوڵی ناکات هەموو نەتەوەو کۆمەڵگاو بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵێك سنوری تایبەتیان هەیە کە لادان لێیان مایەی شەرمەزارییە، "حەرامی نەتەوەیی" چوارچێوەیەکی ویژدانی دەست نیشان دەکات کە گەمەکەرە سیاسییەکان نەتوانن لێیدەربچن، شەرمەزار بوونی کۆیی هەندێك جار لەشەرمەزاریی تاکە کەسی قورسترو کوشندەترە، بەشێکی گرنگی شوناسی نەتەوەیی وابەستەی ئەوەیە شەرم چ قورساییەکی ئەخلاقی لای ئەو نەتەوەیە دروست کردووەو تا چەند گەمەکەرە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی ناوێرن یان ناتوانن لێی لابدەن، لەم دۆخەدا شەرمی کۆمەڵایەتی دەربڕی ویژدانی کۆمەڵایەتییەو ویژدانی کۆمەڵایەتیش سەرچاوەی ئەم شەرمە کۆمەڵایەتییەیە، بەڵام ئایا پەیوەندی نێوان شەرمو سیاسەت لەکوردستاندا چۆنە؟ ئایا سیاسەتی کوردی سیاسەتێکی شەرمنە، بەمانای ئەوەی سیاسەتێکە خاوەنی کۆمەڵێك حەرامو نەشیاوی سیاسییە کە هیچ حیزبو لایەنو کەسێك بۆی نەبێت لێیان لابدات، یان سیاسەتێکی بێشەرمەو هیچ سنوورێك نییە بتوانێت ڕێ بەویستو تەماحو ئارەزووی نەشیاوی سەرکردەو حیزبە سیاسییەکان بگرێت؟ لەڕاستیدا خوێندنەوەی سیاسەتی کوردی لەڕێگای چەمکی شەرمەوە تووشی نائومێدییەکی گەورەمان دەکات، ڕۆژگارێکی درێژە سیاسەتی کوردی لەدەرەوەی چاودێری کردنی "شەرمی نەتەوەیی" و "شەرمی کۆمەڵایەتیدا" کار دەکات، بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینەوە سیاسەتی کوردی بەشێوەیەکی ترسناك لەشەرم کردن دوور کەوتۆتەوە، کۆی ئەو سنوورانەی تێپەڕاندووە کە "شیاوی نەتەوەیی" ئێمە لە "نەشیاوی نەتەوەیی"مان جیادەکاتەوە.بێشەرمی سیاسی دوای ڕاپەڕین فرە ڕەنگە، لەوەرگرتنەوەو بەپاڵەوان کردنی بێمەرجی برێکی بەرچاو لەجاشو موستەشارو بەعسییەکانەوە دەست پێدەکاتو لەشەڕی ناوخۆدا بەچڵەپۆپە دەگات. لەڕاستیدا شەڕی ناوخۆ سەرەتایەکی بۆ "بێشەرمی سیاسی" دروست کرد کە لەمێژووی سیاسی ئێمەدا بێوێنەیە، لەدوای هەڵگیرسانی ئەم شەڕەوە شتێك نەما ناوی شەرم کردنی سیاسی بێت بەجۆرێك دەبابەکانی بەعس هاتنەوە بۆ هەولێرو لەشکری ئێرانیش تا کۆیە ڕۆیشت، ئابووری کوردستان پاوان کراو ئیدارەکان بەشێوەیەکی ترسناك گەندەڵ کران، ماراسۆنێکی درێژو بێمانای ئاشت بوونەوەی ئیفلیج دەستیپێکرد کە تا ئەمڕۆش دوو دائیرەی بۆ نەکراوەتەوە بەیەك، دوو "ئیمارەتی حیزبی" بەناوی دوو حکومەتی کوردییەوە دروست کران کە لەم شێوەیەی ئێستایدا جگە لەنوخبەیەکی حیزبی بچووك کەس لەکوردستاندا پێی ڕازی نییە، خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی بۆ هەولێرو خەڵکی هەولێریش بۆ سلێمانی ڕاونران، کۆی شوێنو جێگە سیاسیو جوگرافییە گرنگەکانی کوردستان بەسەر کوڕو برازاو پسمامو زاواو خزمو کەسوکاری دەسەڵاتدارانەوە دابەش کرا، درێژە لیستی ئەم بێشەرمییە سیاسییە کە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە تا ئەمڕۆ یەکێك لەباڵا دەسترین سیفەتی ئەخلاقی سیاسییە لەکوردستاندا.

ئەمڕۆش، دوای ئەو هەموو ناشیرینییەو لەهەلومەرجێکی مێژوویی نوێدا کە هەوڵی دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی نوێ لەئارادایە، سیستمێك کە دەشێت بتوانێت سەرەتایەك بۆ کۆتاییهێنان بەو ناشیرینیانە بێنێتە کایەوەو برێك لەشەرم کردنی پێویست بۆ کاری سیاسی بگەڕێنێتەوە، لەکاتێکی ئاوادا حیزبە گەورەکانی کوردستان کەتوونەتە پارە دابەش کردنو خەڵاتکردنو کڕینی دەنگی خەڵك بەمەبەستی بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ئەم نوخبە سیاسییە باڵا دەستە لەباتی کۆتاییهێنان بە"بێشەرمییە کۆنەکان""بێشەرمی نوێ" بەرهەم دەهێنن. کارەساتی ئەم "بێشەرمییە نوێیەش"ش لەوەدایە کە بناغەکانی ئەو سیستەمە نوێیە وێران دەکات کە دەشێت دروست ببێتو کۆتایی بەکۆمەڵێك لەکێشە گەورەکانی کوردستان بهێنێت. تێکدانی ئەم سەرەتا نوێیە بێشەرمییەکی سیاسی گەورەیەو ناشیرین کردنی ئەو سبەینێیەیە کە هێشتا نەهاتووە.


دووکەڵی جگەرە ژەهرە ..
نزیك من مەیکێشە ...تکـایە
www.komak.nu
کۆمەك، کار بۆ منداڵانی کوردستان دەکات

کێ دەچێتە هۆڵی پاڕلەمانەوە ؟!

عەبدولکەریم هەڵەدنی

گەرچی هێشتاکە وادەی ئاشکراکردنی پاڵێوراوەکان نەهاتووە، بەڵام بەلای خەڵکی کوردستانەوە گرنگە هەرچی زووتر بزانن کێن ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن دەبنە نوێنەری ڕاستەقینەیانو لە ئایندەدا لە پارلەمانی عێراقو کوردستان داکۆکی لە مافەکانیان دەکەنو دەتوانن وڵات بە ئاراستەی دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنیو ئاشتیو ئاوەدانیو خۆشگوزەرانیدا بەرن.

ئەوەی لێرەو لەوێ بەر گوێ دەکەوێت پڕۆژەی لایەنێکە لە خۆ ئامادەکردن بۆ خستنە ڕووی لیستێك کە بەڕاستی لە ئاستی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستانو ویستو خۆزگەکانیاندا بنو لیستێك کە خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە ئامادەن دەنگی خۆیان پێ ببەخشێت.

بێ گومان کەسانێك دەبێت لە بەغدا نوێنەرایەتی ئێمە بکەن جگە لە خەسڵەتی نیشتمانی بوون پێویستە توانای بەرگری کردنیان لە مافەنەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هەبێتو مەرجەکانی شەڕکەری سیاسی ئازاو بە ئاگاو کراوەو خۆڕاگریان تێدابێت، بۆ پەرلەمانی کوردستانیش دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت کە چیتر نابێت پارلەمانی کوردستان مەیتخانە بێت، ئەوانەی خێریان تێدا نییەو جەستەیەکی بێ ڕۆحی سیاسین ناکرێت نوێنەری گەلێك بن خاوەن مێژوویەکی پڕ لە قوربانی، خەڵکی کوردستان مردوونین بێ روحەکان نوێنەریان بن، کاتی ئەوە هاتووە ئەوانەی هەر جۆرە پلەو پایەیەکیان بەناوی کوردایەتییەوە وەرگرتووەو شوێنەکانیان بۆ کۆکردنەوەی سەروەتو سامانی زۆرو بە ناڕەوا بە کارهێناوە، یاخود سودیان لە پلەو پایەکانیان بۆ خزمەتی گیرفانیان وەرگرتووە، یاخود ئەوانەی لە پێناوی موچەیەکی باشتردا خۆیان دەپاڵێونو لە ئاستی بەرپرسیارێتی چارەنووسی گەلێکدانین، هەموو ئەمانە نابێت شەرەفی ئەوەیان پێ بدرێت نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستانو خوێنی شەهیدو قوربانییەکان بکەن، نابێت ئەو کەسانە بچنە هۆڵی پارلەمانەوە تەنیا بە ئیعازی حیزب پەنجە بەرز بکەنەوەو چەپڵە لێ بدەن، بەڵکو دەبێت ئەو نوێنەرانە کەسانی خاوەن پڕۆژەو خاوەن بیرو بۆچوونو خاوەن هەڵوێستی کەسیی بنو پێیان بکرێت داکۆکی لە بۆچوونەکانیانو پڕۆژەکانیان لەناو حیزبەکانیاندا بکەن. بێگومان هێشتاکە وڵات پڕە لە کەسانی پاك و دڵسۆزو نیشتمان پەروەر، هێشتا کە وڵات تێکۆشەری وای تێدایە شەرەفی ئەوەی بەرکەوێت لەئاستی بەدیهێنانی خەونو ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانو ئامانجە نەتەوەییەکانیاندا بن.

سەروکێ بەرێ یێ بنگەهێ لالش یێ رۆشنبیری وکومەلایەتی بو (هاولاتی) :

من گوتە خودانێت لیستا حیزبی ئەڤ مودێلا دیموکراسیەتێ ل هەوە بیرۆزبیت

ئا/ هاشم زێباری

پێشی چەند رۆژان بنگەهێ لالش یێ رۆشنبیری وکومەلایەتی یێ ئێزدیدیان ل دهوکێ کونگرێ خویێ (١٠)سازکروبەرهەف بوونا (٢٥٠)ئەندامان ،ل ڤی گونگرەی دا زور کێشە وئارێشە پەیدابوون ژ بەر کو هەلبژاردن ب شێوەیێ (لیستە) هاتە سەپاندن ژ لایێ لیستا پارتی دیموکراتی کوردستان ڤە.ددەمەکێ دا خەلکەکێ سەربەخو وسەر بە لایەنێت دی ڤە هەبوون ودخوازتن خو کاندید بکەن بو دەستەی نوی یا رێڤە برنا بنگەهێ لالش .سەرۆبەرێ کونگرێ ناڤبری ئەڤ چەندە بو مە خویا کر کو برایێن ئێزدیی ژی کەفتینە بەر رەحمەتا حیزبایەتیێ ،وحیزبێن دەستەهەلاتدار دپێشبرکیێ دانە ژ بو ل خو کومکرنا مەزنترین ژمارا ئێزدیان ل دەوروبەرێن خوە وهەر لایەنەك ژی بە شێوازەکێ سەرەدەرییێ دگەل ڤێ پرسێ دا دکەتن .. وهەر کاریگەریا حیزبایەتییێ بوویە ئەگەرێ بەتەسکرنا دیموکراسیەت وخوپالاوتنێ دکونگرێ بنگەهێ لالش دا ب رێکا سەپاندنا شێوازێ (لیستا) پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەر ئەندامان ،ژ بو زانینا چەوانیا ب رێڤە چوونا کارو چالاکیێن کونگرێ (١٠)ێ هێژا نڤیسەر(خیری بوزانی) سەروکێ بەرێ یێ بنگەهێ لالش ددیدارەکا کورت دا بو (هاولاتی) گوت :

پێشی دەهـ رۆژان ژ سازکرنا کونگرێ لالش ،پیر خدر سلێمان بمە راگەهاند کو پارتی دیموکراتی کوردستان لیستەك هەیە ،ورۆژانە من پەیوەندی ب لقا یەکا پارتی ڤە دکر کا ئایا لیستە هەیە یان نا ،دبەسڤا خودا دگوتنەمە (نەخێر) چ لیستە نینە وتا سپێدەهیا سازرکنا کونگرەی ل پێنج شەمبیا بوری ئەوان دگوت (مە چ لیستە نینە وهەر کەسەك ئازادە خو ب هەلبژێریت)پاشان سەروبەر هاتە گوهورین وگەف ل هندەك نڤیسەرێن ئێزدی هاتە کرن کو نابیت خو کاندید بکەن وژ ئەنجام دا گەلەك نڤیسەران خو ژ ڤەکێشان .هەروەسا (بوزانی) ددرێژاهیا ئاخفتنا خودا گوت :دیەك ژ بەندێت بنگەهێ لالش دا بەحسێ خو پالاوتنێ دکەتن کو هەر کەسەك ئازادە خو هەلبژێریت دەقا وێ دبێژیت ((انتخاب هيئة ادارية جديدة للمركز باسلوب الاقتراع السري المباشر وينال العضوية من حصل على اغلبية الاصوات)) لێ هندەك کەسان کو خو ب بەرپرسێن ئێزدیان دزانن شیان رەیا خو بسەپینن ول جهێ ((الاقتراع السري المباشر)) بکەنە((اسلوب القوائم المغلقة))ب وێ هیجەتێ هەر وەکو (پیر خدر سلیمان))ی گوتی ئەڤ شێوازە کەڤنە وشێوازێ (لیستا) باشترە ،وحاکم نمر کەچو گوتە ئەندامان (مە لیستا خو هەیە ئەوژی لیستا پارتی دیموکراتی کوردستانە))وژ بو ڤێ ئاخفتنا حاکم نمر بوو ب دەست قوتان دناڤ کونگرێ دا .

بوزانی ل درێژاهیا ئاخفتنا خودا بو (هاولاتی) گوت : کەسەکێ حیزبی گوتە من (ئەڤەنە نە لیستا قادر قەچاغە بەلکو لیستا ئێزدییێن پارتی یە))ئەز ژی ناچاربووم بێژمە وان (ئەڤ مودێلا دیموکراسیەتێ ل هەوە پیرۆز بیت ، وئەز وەك خیری بوزانی خو ژ ڤی کونگرەی ڤەدکێشم ،ئەڤە بوو دگەل ڤێ بریارێ تا (٦٠)ئەندامێن کونگرەی خو ژ کونگرەی ڤەکێشان وژ هولا کونگرەی دەرکەفتن وبو کونگرەکێ حیزبی .

لەژمارەی داهاتوودا

لەژمارەی داهاتوودا ئەم دوو وتارەی خوارەوە بڵاودەکرێنەوە:

١ ــ خودێ ژ تە رازی بت، وەها نابت مال خەراب ـ ڕێبوار سیوەیلی.

٢ ــ بەرپرسیارێتی نێو دەوڵەتی بەرامبەر کوردستانی عێراق دوای دانانی دەستوری هەمیشەیی ـ د. دیندار زێباری.

دابەشکردنی
کورسی
دیموکراسییەت نیە

هەڵبژاردنی ئەنجارەی عێراق و کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لەیەك کاتدا دەکرێ کێبەرکێیەکی سیاسی زەحمەتە، چونکە زیاتر لەسی ساڵە عێراق ئەزمونی وەهای بەخۆیەوە نەبینیوە. ئەنجامدانیشی چ لەسەر ئاستی عێراق بێت یاخود کوردستان، لەلایەك هێشتا ئامارێکی پێویست نەکراوە لەلایەکی تر بارودۆخی ئەمنی ناوچەکە لەبارنیەو هەندێ ناوچەش وەکو سنجارو کەرکوكو خانەقین تاکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر سنوری کوردستان کە ئەمە کێشەیە. لەئەوروپا کە من نمونەم زۆر بینیوە، لیستی هاوبەش هەیەو هەندێ جاریش حیزبەکان بەیەك لیست دادەبەزن لەپەرلەمانەدا. یەك لیستی بۆ ئێمە گرنگە، بۆ کیانی کورد لەپەرلەمانەدا. ئەمە ئەرکی هەموو لایەکمانە نەك تەنها پارتیو یەکێتی، بەمەرجێ ئەنجامەکەی قەبوڵ بکەین، کەچی لەلای ئێمە ئومێد کەمترە هەر حیزبێك نەیارەکەی خۆی قەبوڵ بکات ئەگەر زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

من ئێستاش ترسی ئەوەم هەیە لەئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا هێزی چەکداری بەکار بێتو هەڵبوەشێتەوە. تەنانەت گومانم هەیە لەو میساقی شەرەفەی کە حیزبەکان ئیمزایان کردووە. دەترسم وەکو زەمانی نوری سەعید کە لیستی هاوبەش هەبوو بەرەی نیشتمانی ئەوکات توانی ١١ نوێنەر بۆ پەرلەمان ئامادە بکات کەچی حکومەتی ئەوکات هەڵیوەشاندەوە، چونکە خۆی ڕانەدەگرت بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی ئەوکات، ئێستاش ئەو ترسەم هەیە نمونەشم بۆئەمە ئەوەیە کە یەکێتی و پارتی زۆرترین هەوڵیان بۆئەوەیە کە لیستی سەربەخۆ نەبێت کە ئەمە لەبەهای دیموکراسییەکەمان کەمدەکاتەوە، پارتی زۆر هەوڵیدا بەسێ کورسی قەناعەتمان پێبکات ئێمە ڕازی نەبوین، من تێبینیەکی ترم هەیە لەکاتی هەڵبژاردندا نابێ هێزی چەکداری لەخزمەتی هیچ حیزبێك و هیچ حکومەتێکدا بێت کەچی لەکوردستان بۆخزمەتی حکومەتە حیزبییەکان بەکار دێت، ئایا پارتی و یەکێتی لەئیمتیازی حکومەتەکانیان تەنازول دەکەن؟ بەبڕوای من هیچیان سیقەیان لەسەر نیە، باشە لەوە ناترسین کە خەڵك لەلەحزەی ئاخیردا موقاتەعەی هەڵبژاردن بکات، بۆیە پێویستە ئێستا هێزە دیموکراتی وپێشکەوتووەکان جەبهەیەکیان هەبێت جا چ لەکوردستان بێت یاخود لەعێراق، کەچی حیزبەکانی خۆمان بەتایبەتی یەکێتی و پارتی تەنها ئەوە دەزانن کە خەڵك دەنگیان پێبدات لەولاشەوە هەزاران کێشەی خەڵکیان فەرامۆش کردووە، ئێمە چیمان بۆخەڵك کردووە کە تاکو بەحیزبایەتی تەسك بیر بکەینەوە ئەزمونی ١٢ ساڵ دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ فێری هیچیان نەکردین، تێبینی دووەمم ئەوەیە کە هەر لەئێستاوە خروقات هەیە مەسەلەی خەڵك کڕین لەڕێگەی عەشایەری و بنەماڵەوە دیسان لەبەهای سیستمی هەڵبژاردن کەمدەکاتەوە و کەم خەڵك هەیە ڕۆشنبیری هەڵبژاردنی هەبێت ، تائێستا خەڵك نازانێ چۆن دەنگ دەدات و بۆچی لەیەك ڕۆژدا سێ دەنگ دەدات بە پەرلەمانی کوردستان و عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەڕاستیدا ئەمە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە، ئێمە لەنزیکەوە لەگەڵ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارا قسەمان کردووە کە خروقات هەیە و ڕێگەی لێبگرن و ڕەخنەشمان لێگرتووە، بەڵام بەداخەوە گوێمان لێناگرن، بۆیە من بەپێویستی دەزانم لەئێستادا هێزی پێشکەوتوخوازو دیموکراسی و چەپ بەرەیەك دروست بکەن و هەر حیزبێك بەسیقەی خۆی و جەماوەرەکەیەوە بچێتە بەردەم سندوقی دەنگدان ئەگەر نا دابەشکردنی کورسی پیادەکردنی دیموکراسی نیە.